وەزارەتـــی نـــــاوخـــۆ
ئـــیدارەی گـــــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا
ژمارە : ٥٢٢
ڕێکەوت : ٢ / ٢ / ٢٠٢٢

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.21- 2021) تەندەری پرۆژەی

## [ لابردنی فیدەری ٣٣ کی ڤی دێهاتی باوەنور لە سەر تاوەرەکانی ٣٣کی ڤی میدان ]بۆ جاری دووەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــــاداری ســــــەرجەم بەلێنــــــدەر و کۆمپانیاکــــــان دەکەیــــــنەوە کە تەنـــــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــــاوبراوی ســــــەرەوە هەیە ، کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن (بەڕێـــــوەبەرایەتی دابەشـــــکردنی کارەبـــــای کەلار) ، لە ســــــەر بـــــودجەی داهـــــاتی (٨%)ی بەڕێـــوەبەرایەتی دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار خەرج دەکرێـــت ، هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٦٠ ) شەست ڕۆژ.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) دەکرێـت کە کـراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێنج شەممە ٣/ ٢ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (یەک شـەممە ١٩ / ٢ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە (٣٥،٠٠٠ ) سێ وپێنج دینار دەبێت کە ناگەڕێتەوە بۆ خـاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کـاتی گەڕانەوەی تەنـدەر ڕۆژی ( دوو شـەممە ٢٠ / ٢ / ٢٠٢٢ ) کـاتژمێر (١١:٠٠ )ی پـێش نیـوەڕۆ دەبێـت وە ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / کاروباری هـونەری / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ١٠ ) بێـت وە پسـپۆربن لەو بـوارەدا یـان کـاری هاوشێوەیان ئەنجامدابێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیـان (ئەوانەی کە تۆمـارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهد الخط الضامن) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەکـانی تەنـدەر هەیە پێویسـتە لەکـاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمـانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار کردووی تەندەرەکان ( مدة النفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایی نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**